# خەڵات (Pris) و کۆمەکی ماڵی (Stipendium) و کێشەی نووسەرانی کورد

کاوە ئەمین

چەند ڕۆژێکە لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا، کێشەی خەڵات و کۆمەکی ماڵی، جێگایان بە کێشە و شەڕەکانی تر لێژ کردووە. بەبێ ئەوەی ناوی کەس بهێنم، دەمەوێت منیش ئاو یان بەنزینێک بەم ئاگرەدا بکەم، هیوادارم کەس بریندار نەکەم.

وشەی خەڵاتی کوردی لە زمانی سوێدیدا (Pris)ی پێدەوترێت کە بە مانای تریش دێت وەکو نرخ و پاداشت واتە پەیوەندی بە بەکارهێنانی وشەکەوە هەیە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر. هەرچی وشەی (**Stipendium**)ی سوێدییە لە کوردیدا بە مانای هاوکاری ماڵی (پارە) بۆ ماوەیەکی دیاری کراو کە دەدرێت بە خوێندکاران و هونەرمەندان و لێکۆڵەرەوە و هتد، بۆ نمونە زۆربەی (ئینیستیشون Institution)ە کانی زانستگاکانی سوێد، ساڵانە بە دەیان و سەدان ستیپێندیوم دەدەن بە خوێدنکاران، بۆ ئەو مەبەستەش ماوەیەک پێش ئەوە لە سایتەکانیان، تابلۆی زانیاری زانکۆ یاخود ڕاستەوخۆ لە لایەن مامۆستاکانەوە ئاگاداری دەدرێت بە خوێدنکاران کە هەر کەسێک خوازیار بێت لە ماوەی دیاری کراودا دەتوانێت فۆرمی داوکاری پڕبکاتەوە و پێشکەشی بکات، ئیتر بۆ کەسێک یان چەند کەسێک دەردەچێت کە بڕە پارەیەکە بۆ بەردەوامی لە کارێکی لێکۆڵینەوە. ئەوەی پەیوەندی بە نووسەرانەوە هەیە هەر هەمان شتە واتە هەموو نووسەرێک دەتوانێت فۆرمی ستیپێندیوم پڕبکاتەوە، جا ئەگەر یەکێک هەبێت بە چاک یان بەخراپ بۆ ئەو نووسەرە تێ بچێنێت ئەوا پارەکەی دەدرێتێ یانیش بە پێچەوانەوە. ئیتر ئەوەی کە ئەو نووسەرانە خۆیان دەیکەن بە هەواڵ و لە ماڵپەڕەکاندا بڵاوی دەکەنەوە و دەکرێن بە مانشێت شتێکی زیادەیە، چونکە ئەگەر ئەو هەموو ستیپێندیومانەی کە لە سوێد دەدرێن ساڵانە بکرێنە هەواڵی گۆڤار و ڕۆژنامە سوێدییەکان ئەوا دەبێت بە ڕۆژی حەشر.

پاشان ئەگەر خەڵات و ستیپێندیوم هەر هەمان شت بن، خۆ لە خۆڕا نییە بە خەڵاتی نۆبێل دەڵێن خەڵات دەنا دەیانووت ستیپێندیومی نوبێل. لە سوێد چەند خەڵاتێکی گرنگ هەن کە دەبنە بابەتی ڕۆژنامەکان و بە دوور و درێژیی باسی بابەتە ئەدەبی و ئەو نووسەرەی کە خەڵات دەکرێت دەکەن، ئەوانیش نۆبێل و ئاوگوست پریسە (ئاوگوست سترینبێرگ) و هەروەها خەڵاتی ستیگ داگەرمان کە لە ساڵی 1997 دا درایە نووسەری بە ڕەچەڵەک کورد (یەشار کەمال)یش.

دیارە ئەم نەخۆشی خۆ بەگەورەدانانە زۆر لایەنی گرتۆتەوە. ئەوەتا خانمێک چۆتەوە بۆ کوردستان بە ناوی تاڤگە، لەگەڵ ڕۆژنامە کوردییەکاندا وەکو ئەندامی پەرلەمانی سوێد خۆی ناساندووە. من بۆ ئەو مەبەستە سەیری لیستی ناوەکانی ئەندامانی پەرلەمانی سوێدم کرد، ناوی وای تێدا نەبوو، مەگەر ناوی خۆی کردبێتە سوێدی.

لە ڕاستیدا، من نە حەسودیم بەکەس دێت و نە بە تەمای خەڵات و بەراتم، بەڵام خەڵکانێک لە سوێد بە ناوی کولتووری کوردییەوە کەوتونەتە ڕووتانەوەی دەستگا کۆمەک دەرەکانی سوێد. جا لەم سەردەمەشدا، نەختێک دژی ئیسلام و بە شانوباڵی شەهید فادیمە دا هەڵبدەیت، نەخوازەڵا کتێبیشی پێشکەش بکەیت (خەڵکینە وەڵا نە باوکسالار و نە پیاوسالارم و دژیشیم بەڵام ئەوە حەقیقەتێکی تاڵە و خەڵک بازرگانی بە فادیمە و... دەکەن)، ئیتر نانت دەکەوێتە ڕۆنی حللەوە.

با ئەمەش بڵێم ئیتر سەری کەس نایەشێنم، وەکو بیستوومە جا نازانم چەند ڕاستە، دەڵێن هەر ساڵەو چەند کەسێک وەکو ڕاوێژکەر بۆ (کولتوور ڕۆدی سوێد و شوێنانی لەو بابەتە) تەرخان دەکەن بۆ هەڵسانگاندی بابەتە کوردی و بیانیەکانی تر کە بەزمانی غەیری سوێدی دەنوسرێن، ئیتر بەشێکی بەرچاو لەوانیش بە ئارەزووی خۆیان بەبێ گوێدانە گرنگی و بایەخی تێکستەکە، بابەتەکە بە سوێدیەکان دەناسێنن، هەندێک دەڵێن لەوەش خراپتر، کۆمەڵێک ڕێکەوتوون کە پێشتر دەرسەدێکی ئەو هاوکاریە دەدەن بە کەسێک کە خۆیان دەیناسن لە کۆمیتەکەدا، واتە پارەکە بەش دەکەن و ئاو بێنە و دەست بشۆ، خوا بکات وانەبێت، بەڵام حاڵی کورد و ڕۆشنبیرییەکەی لەو حاڵەدا بێت، بۆ نا؟

سەیرە، دەیان نووسەری جیهانی، گەورەترین خەڵات دەکرێن بەڵام نەک باسی ناکەن تەنانەت لەبەر هەڵوێستی مرۆڤانەو، هەندێک جار جۆری بیرکردنەوەیان خەڵاتەکە ڕەتدەکەنەوە. ئەو کاتەی سەرۆک نیلسۆن ماندێلا، خەڵاتی ئەتاتورکی ڕەتکردەوە، برادەرێک بە توانجەوە وتی: باش بوو ئەو خەڵاتەیان بە کوردێک ڕەوا نەبینی، چونکە دوور نەبوو بە ڕاکردن بچوایە بۆ وەرگرتنی!